Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

10.24271/garmian.20706

# کەسێتی ژن لە چیرۆکەکانی (ئەحلام منصور) دا

**ئاشتی حسێن عارف**

بەشی کوردی ,کۆلێژی پەروەردە و زمان , زانکۆی چەرموو

**پوختە**

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (کەسێتی ژن لە چیرۆکەکانی "ئەحلام منصور")دا، هەوڵدەدات لە کەسێتی ژن لە چیرۆکەکانی نووسەردا بکۆڵێتەوە، لەبەئەوەی زۆربەی هەرە زۆری کەسێتییە ژنەکان لە چیرۆکەکانی نووسەردا کەسێتی سەرەکین لەم ڕوانگەیەوە لە کەسێتی سەرەکی ژن لە دەقەکانی نووسەردا دواوین، ئەم کەسێتییانە بەرجەستەکەری وێنە و گرفت و ئازارەکانی ژنن لە کۆمەڵگادا. گرنگی توێژینەوە کەمان لەوەدایە، کە هەوڵی خستنەڕووی کێشەکانی ژن دەدات لە ڕوانگەی چیرۆکنووسێکی ژنەوە، کە خۆی لە ناو ئەو واقیع دا دەژی و ئاشنایە بە کێشەکانی ژن. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بە کارهێنراوە، لە سەرەتا دا میتۆدی وەسفی بۆ خستنە ڕووی لایەنی تیۆری و پاشان میتۆدی شیکاری بە کارهێنراوە بۆ شیکردنەوە دەقەکان . توێژینەوەکەمان لە پێشەکی و دووبەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەم ( تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە ) لە دوو تەوەر پێک دێت، تەوەری یەکەم باس لە (چەمکی کەسێتی) دەکات و لە تەوەری دووەمدا باس (کەسێتی سەرەکی لە چیرۆك)دا کراوە لە ڕووی تیۆرییەوە. بەشی دووەم ( کەسێتی سەرەکی ژن لە چیرۆکەکانی ئەحلام منصوردا ) لە دوو تەوەر پێک دێت، لەتەوەری یەکەم (ژیاننامەی ئەحلام مەنسور) خراوەتەڕوو و لە تەوەری دووەمدا باسی کەسێتی سەرەکی ژن لە چیرۆکەکانی (ئەحلام منصور) دا کراوە. ئەنجامەکانیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

***Article Info***

Received: October, 2020

Revised: December, 2020

Accepted: December, 2020

***Keywords***

کەسێتی، ژن، چیرۆك، ئەحلام مەنسور

***Corresponding Author***

ashti.hussein@charmouniversity.org

**پێشەکی:**

ئەحلام منصور دەنگێکی دیاری چیرۆکی کوردی یە لەنێوان ساڵانی (1970- 2011) ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چیرۆکی کوردیدا هەبووە، بەرهەمەکانی نووسەر ڕەنگدانەوەی کێشەکانی ژنانە لە نێو کۆمەڵگادا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەر قۆناغێك کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بیری نووسەر هەیە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کەسێتی ژن لە چیرۆکەکانی (ئەحلام منصور)دا هەوڵێکی زانستییە بەمەبەستی دەرخستنی پێگە و ڕۆڵی ژن لە چیرۆکەکانی (ئەحلام منصور)دا، چونکە وێنە و کەسێتی ژن پانتاییەکی فراوانی لەناو بەرهەمەکانی نووسەردا هەیە، ئەم وێنانەش ڕەنگدانەوەی هزر و بیروباوەڕ و کولتووری کۆمەڵگایە

دەربارەی ژن و گیروگرفتەکانی ژن لەو کۆمەڵگایەدا، نووسەر لەڕێی کەسێتییە سەکییەکانەوە کە (ژن)ن گوزارشتی لە گرفتەکانی ژن کردووە، ئەم گرفتانەش بەپێی قۆناغی کۆمەڵایەتی و مێژووی کۆمەڵ دەگۆڕێت، لە لایەکی ترەوە دەرخستنی

کێشەکانی ژنە لەڕوانگەی چیرۆکنووسێکی ژنەوە، کەخۆی لەناو ئەو واقیعدا دەژی و ئاشنایە بەکێشەکان، چونکە نوسەر هیچ کات لە ڕووداوەکانی دەوروبەر دابڕاو نییە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە لە دید و بۆچوونەکانی نووسەر دەربارەی ژن دەکۆڵینەوە .

## بەشی یەکەم : تیۆریزەی چەمکەکانی تۆێژینەوەکە.

### تەوەری یەکەم: چەمکی کەسێتی

کەسێتی لەڕووی زاراوەوە وشەیەکە لەزمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە، مەبەستیشیان لە وشەی پێرسۆن ئەو دەمامکە بووە کە هونەرمەند دەیپۆشی (أحمد الهمدانی،2010،139)، کەسێتی بە یەکێك لە پێکهاتە گرنگەکانی مرۆڤ دادەنرێت لە ڕووی سیفەت یان ڕوانگە و ڕەفتار و سروشتی مرۆڤەوە، کە هەموو ئەمانە بەسروشتی مرۆڤەکان ئەژمار دەکرێت، لەمرۆڤێکی تایبەتدا گەیشتونەتە یەکتری. " کەسێتی بەرهەمی ڕەفتارە، بەڵام جیاوازە لەگەڵ ڕەفتار خۆیدا، کەسێتی لە و دیوی رەفتارەوە و لە ناخی تاك دا خۆی حەشارداوە، ئەوهێزانەی لە کەسێتی هەڵقوڵاون ئامادە بوونن بۆ وەڵام دانەوە"( مەنوچنیهر، 2002،107)، کەسێتی پرۆسەیەکی بەردەوامە لە ژیانی مرۆڤ، چونکە ’’کەسێتی لەگەڵ لەدایکبوونی مناڵ وەك بونەوەرێکی بایەلۆژی و دواتر وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سەرەتای دروست بونی کەسێتی دەست پێدەکات’’(هەڵمەت بایز ،2012،97)، واتە کەسێتی مرۆڤ لە ئەنجامی تێکەڵاو بوون بە کۆمەڵگا دروست دەبێت، بەواتایەکی تر "کەسێتی پێکهاتەیەکی تایبەتە هەموو ئەو سیفات و تەرزە ڕەفتارانەی تاك لەخۆ دەگرێت ، کە دەتوانێ لە ژێرکاریگەریاندا شێوازی کردەوەیان نیشانبدات، کە چۆن لەگەڵ دەوروبەریدا دەگونجێت "( نزار،271) لەم پێناسەدا گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی دراوە، بەڵام هەندێکی تر جەخت لەسەر لایەنی بایۆ لۆجی دەکەنەوە لە کەسێتی تاك دا بەوەی " کەسێتی بریتییە لە ئارەزوو و غەریزە و پاڵنەر و هێزە بایۆ لۆجییە بۆماوەییەکان لەگەڵ ئامادەکاری و ئەو حەزانەی بەدەستی دەهێنین"( محمد،11،1968)، ئەم پێناسەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کەسێتی خۆ گونجاندنە لە گەڵ ئەو قۆناغانەی مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت، هەر بۆیە تێگەیشتن لە چەمکی کەسێتی کارێکی ئاسان نییە بە تایبەت لێکدانەوەی لە زانستی دەروونناسی دا’’چونکە هەموو سیفەتە جەستەیی و عەقڵی و ویژدانییەکان دەگرێتەوە، کە بەردەوام لە یەك جەستەدا کارتێکردنیان لەگەڵ یەکدی هەیە" (سۆزان عبدللە،6،2004)، دەبێتە ڕێکخەری خۆسازان لە نێوان خۆی و ژینگەکەیدا، جگەلەوەی هەندێك لە کۆمەڵناسان پێیان وایە "کەسێتی نوێنەری ئەو شارستانیەتەیە کە مرۆڤ لەسەری دەژی " (علی الوردی ،2001، 34) ، کەواتە کەسێتی بریتییە لە سیفەتە جەستەیی و عەقڵی و ویژدانییەکان لە دۆخی ئاوێتە بوونیاندا لە نێوان خۆیان لە لایەک و ژینگە لە لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ هەڵوێستەکانی مرۆڤ لە ماوەی تەمەنی دا .

### تەوەری دووەم: کەسێتی سەرەکی لە چیرۆك دا :

کەسێتی ڕەگەزێکی سەرەکی چیرۆکە و بەبێ بوونی کەسێتی هیچ چیرۆکێك بونی نابێت، چونکە کەسێتی "ئەو ڕەگەزەیە لە بونیادی دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا وەك یەکەیەکی ڕێکخراوی ڕۆنراو دەردەکەوێت "(میران جلال ،14،2009)، بوشرا کەسنەزانی دەربارەی خوڵقاندنی کەسێتی لە چیرۆکدا دەڵێت" ئەفراندنی کەسێتییەکانی چیرۆك کە نووسەر هەریەکێکیان بە تایبەتمەندی ئاکاری و گیانی دیاریکراوەوە لە دونیا چیرۆك و شانۆنامەدا دروست دەکات"( بوشرا کەسنەزانی،2012"122)، گرنگی کەسێتی لەوەیە دا دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەوە و ئاشکراکردنی ماهییەتی مرۆڤ، هۆیەکیشە بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی بوونی مرۆڤ و هێنانەگۆی ئامانجەکانی لەمیانەی کێشە و شۆرش و ڕووبەڕووبونەوەکانییەوە، کەواتە کەسێتی دروستکراوێکی واقیعی نییە، بەڵکو دروستکراوی خەیاڵە، کە چیرۆکنووس بۆ مەبەستێکی هونەری دیاریکراو دروستی دەکات تا لە ڕێگایەوە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر

یا وەرگر. (ئەندریە جید) لەبارەی کارەکتەرەوە دەڵێت "هەرگیز بیرێك مەڵێ تەنها لەرێگەی کارەکتەرەوە نەبێت" (سەیوان محمد،2013، 126) ئەمەش گرنگی کەسێتی دەردەخات لە بەرجەستەکردنی ئەو بیرانەی کە نووسەر دەیەوێت لە دەقەکەیدا بەرجەستەی بکات .

باسکردن و دەرخستنی سیما و رواڵەتی کەسێتی تەنها پەیوەست نییە بەمرۆڤەوە، بەڵکو هەندێجار ئاژەڵانش دەگرێتەوە، کە رۆڵی کارەکتەریان دیوە لە رووداوەکاندا، کەواتە ''پێویستە نووسەر ئەم بونەوەرە کاغەزییانە بە جۆرێك بئافرێنێت هاوخەمی خوێنەری بۆ دەستەبەر بکات'' (بوشرا کەسنەزانی،119،2012)، کەسێتی کە ئەرکی بزواندنی رووداوی لەسەرە توشی تەنگ و چەڵەمەو ئازارو ئەشکەنجە دەبێت، هەربۆیە گرنگی کارەکتەر لە ناو دەقی چیرۆکدا بە زەقی دیارە، چونکە دەتوانێت ببێتە نمونەی کۆمەڵەکەی. ئەندێشەی داهێنەرانەی چیرۆکنوس هەمیشە گەرەترین کاریگەری هەیە لە بیناکردنی کەسەکانی ناو چیرۆك، لەبەرئەوە کەسێتی نمایشی رەفتار و جوڵە و باری دەروونی چیرۆکنوس و ئەو کۆمەڵگایە کەتێدا دەژێت، توێژەران لە رووی سروشت و پێکهاتەوە باسی جۆرەکانی کەسێتییان کردووە، پێکهاتەی کەسێتییان دیاریکردووە و لەیەکیان جیاکردۆتەوە بۆ دوو جۆری کەسێتی کە ئەوانیش (کەسێتی سەرەکی وکەسێتی لاوەکی) :

کەسێتی سەرەکی: چەقی چیرۆك پێکدەهێنێت و کاردەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کەسێتییەکانی تر و رەوتی رووداوەکانی چیرۆکەکە. لەژێر رۆشنایی ئەم کەسێتییەدا ئاراستەی رووداوەکانی ناو چیرۆك دیاریدەکرێت، ئەم جۆرە کەسێتییە کە بزوێنەری سەرەکی زۆرینەی رووداوە سەرەکییەکانە، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەرەوپێشچوونی کار و چالاکیەکانی ناو دەق، کە وەك زنجیرەیەك وایە کەسێتییە لاوەکییەکان و کێشە و رووداوەکان بەیەکەوە لەمەودای دەقەکە پێکەوە گرێدەدات، لەهەمان کاتدا "دەچێتە ژێرباری دیکە و لە رووی بیری و دەروونییەوە پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات " ( همزە فازل ،1988"103)، دەربارەی هەڵوێستی کەسێتی سەرەکی هەڵوێستی تازە دەبێت، ئەم جۆرە لە کەسێتی دەبێت بەشێوەیەك دەربکەوێت کە بەلایەنی کەمەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە دژوارەکان بکات، بۆیە هەمیشە بنیاتنانی ئەم کەسێتییە مایەی ترس بووە بۆ چیرۆکنووس، لەبەر ئەمەشە بنیاتنانی گرانە.

لەتایبەتمەندی ئەمجۆرە کەسێتیەش ئەوەیە کە بەشێوەیەکی خۆرسکانە تەنها بۆ قەدەری تاکانەی خۆی ناژێت لەناو ئەو رێکەوتانەی کەوا دەوریان داوە، بەڵکو دەیەوێت بەشداری لەو تایبەتمەندیانەی بکات کەوا چیرۆکنووس پێی بەخشیوە. کەسێتی سەرەکی خۆی لە کرۆکی رووداوەکە نزیك دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی لەگەڵ کەسەلاوەکییەکان دا هەیە، مەج نییە هەمیشە هەڵگری سیفەتی باش بێت بەڵکو وەك هەر مرۆڤێك هەڵگری لایەنی باش و خراپ دەبێت، زۆر جار خوێنەر تا کۆتای دەقەکە لەم جۆرە کەسێتیە تێناگات.

سەبارەت بە کەسێتی ژن لە دەقە پەخشانەیەکاندا سمیە نجیب دەڵێت"هەموو هەوڵدانێکی نوسەر بۆ دیاری کردنی سەرجەم ئەو سیفەت و خاسیەتانەیە لە ئافرەتدا وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سۆزدار وەك دایك و خۆشەویست و خوشك...هتد، بەڵام لەسەرەتاوە رێگەنەدەدرا بە کارەکتەری ئافرەت تاکو سەردەمی سەرهەڵدانی چیرۆك کە ئافرەت لە چیرۆك دەیتوانی وەك کارەکتەری سەرەکی دەرکەوێت "( سمیە نجیب ،38،2010)، دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە، کە ژن پێشتر لەدەقدا بوونی نەبووە، بەڵام خەسڵەت و ژینگەی چیرۆك رێگە بەوە دەدات زیاتر وەك کارەکتەری سەرەکی دەربکەوێت، دواجار کۆمەڵ سەرچاوەی چیرۆکەکەیە و چیرۆکنووس و بەشەکانی چیرۆکەکەی و لەناو ئەمانەشدا کەسێتییەکانی ناو چیرۆکەی لە کۆمەڵەوە وەردەگرێت.

## بەشی دووەم: کەسێتی سەرەکی ژن لە چیرۆکەکانی (ئەحلام منصور)دا

تەوەری یەکەم: ژیانی نووسەر

"ئەحلام منصور لە ساڵی (1951) لە خانەقین لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە خانەقین تەواو

کردووە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە زانکۆی بەغدا بەشی زمانی کوردی تەواو کردووە، لە ساڵی 1985 یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی (پرد) بڵاو کردەوە، لە ساڵی 1988 ڕۆمانی ئەڵوەنی بڵاوکردووەتەوە و لە ساڵی 1986، ڕوو دەکاتە پاریس و لە دوای 1991 وە لە سلێمانی جێگیر بووە، لە ساڵی 2013 کۆچی دوایی کردووە"(سەروەر سەعدوڵڵا،11،2013).

تەوەری دووەم: کەسێتی سەرەکی ژن لە چیرۆکەکانی (ئەحلام منصور)دا

لە کۆی چیرۆکەکانی نووسەردا بەشێوەیەکی گشتی کەسێتی سەرەکی ژن پانتایەکی فراوانی هەیە، کە ئەم کەسێتیانەش بەپێی چیرۆکەکان دەگۆڕێن و کۆمەڵێ ڕووداو و ژیاننامە و گۆشەنیگای جیاواز لەخۆ دەگرن، بۆیە تاڕادەیەك دەنگی نووسەر زاڵە بەسەر کەسێتییەکاندا. چیرۆکەکانی نووسەر ڕەنگدانەوەی کێشە هزری و کولتوورییەکانی نێو کۆمەڵەکەیەتی، کە چیرۆکنووس ناتوانێ خۆی دوورە پەرێز بگرێت لە دەوروبەری، نووسەر دەیەوێت دەستبخاتە سەر برینەکانی نیشتیمان، کە حەرامی کۆمەڵایەتی و دینی و سیاسی مەودایەکی نەهێشتۆتەوە بۆ ماف و ئازادی ژن لەم نیشتیمانەدا، بۆنموونە لە چیرۆکی (کەمان) دا کارەکتەری سەرەکی ژنە و گێڕەرەوەی سەرەکی چیرۆکەکەیە، وەك نمونەی ئازارەکانی بەشێکی زۆری ژنانی کۆمەڵگای کوردی کاتێك ئازادییەکانیان کۆت و بەند دەکرێت و مافی ئەوەیان لێوەردەگیرێتەوە، کە پشوویەك بەتەنها وەربگرن لە دەرەوەی ماڵدا، ئەگەر هەندێکجار ڕێگەشیان پێبدرێت نابێت بەهیچ هۆیەك لە گەڕانەوە بۆ ماڵ دوابکەون، بۆیە کاتێك کەسێتی سەرەکی دەچێتە دەرەوە بۆ پشوویەك و کاتژمێرێك دوادەکەوێت ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە. لەگەڵ کێ بوویت؟ و بۆکوێ چوویت؟ و دەیان پرسیاری تری ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەبێت وەڵامی بۆیان هەبێت ئەگەر نا ڕووبەڕووی سوکایەتی و لێدان و ئازاری جەستەیی و دەروونی دەبێتەوە، کە ئەمەش لە میانەی ئەم گێڕانەوەیەدا بەرجەستەی دەکات کە دەڵێت" ... سەعاتێ دووان دواکەوتم ئەوا دەبێ یەکسەر خۆم ئامادەبکەم بۆ جنێوێك تفێکی پیرێ ژن کاتێك ڕووبەڕووم دەبێتەوە دەڵێ "لە کوێ بوویت ؟ بەسە .. لەگەڵ کێ بووین ؟ لەگەڵ س،س،ع،ل،ك،م،وا،ب،ج،دە، ر،،ز،ق، ظ، ت ،ن ج،،ن،ت،ح،ی،لام،،الیفلا (واالسلام) لەکوێ بوویت؟" (ئەحلام منصور،51،1981)، وەك دەردەکەوێت کەسێتی سەرەکی لە بارێکی دەروونی سەخت و ترس و دڵە ڕاوکێ دایە، لەکاتی وەڵام دانەوەدا توانای دەربڕینی وشەکانی نییە، هۆکاری ئەم بارودۆخەشی تەنها چوونە دەرەوە و دواکەوتنیەتی لەکاتی خۆی بۆ ماڵەوە. هەر لەم چیرۆکەدا لە ڕێگەی کەسێتی سەرەکییەوە ئاوڕ لە گرفتێکی تری ژن دراوەتەوە ئەویش (قەیرەی کچان)ە، کە لە بەشێك لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و کۆمەڵی کوردی بە تایبەت وەك گرفتێك سەیر دەکرێت و زۆر جاریش وەك توانجێك ئاراستەی ئەو تاکە بەتایبەت ڕەگەزی مێ دەکرێت کە نەیتوانیوە هاوسەرگیری بکات، نووسەر لەڕێگەی کەسێتی سەرەکی (ژن) گوزارشتی لەو ئازارە کردووە، کە لە ئەنجامی ئەو توانجە کۆمەڵایەتییانەی کە ئاراستەیان دەکرێت و بەراورد دەکرێن بەو کچانەی کە لەوان منالترن وهاوسەرگیریان کردووە و ماڵ و منالیان هەیە، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا ئەمە لای زۆرێك بە عەیبە یەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، وەک کەسێتی سەرەکی دەگێڕێتەوە " کچی عالەم هەموو شوویان کرد.. فلانە شووی کرد و منالێکی هەیە و حەوت ساڵ لە تۆ منالترە فیسارەکەس مێردەکەی سەیارەی هەیە، فلانە مێردەکەی مودیرە ..تۆش هەروا لاواز دەبی ، دەکۆکیت، تووشی سیل بوویت سیل، عاقڵ بە لە ماڵ دانیشە، گرانبە گران، کچی ئەم عالەمە وادەکەن..."(ئەحلام منصور،51،1981). جگە لە خستەڕووی گرفتی قەیرەی کچان نووسەر دەیەوێت تیشك بخاتە سەر بابەتێکی تر وە بڵێت کە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو کچانەی بەردەوام لە ماڵەوەن جێگەی ڕێزن و بە مرۆڤێکی خاوەن کەسێتی قورس و گران سەیر دەکرێن، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی ناچنە دەرەوە، لەبەرامبەرشدا ئەو کچانەی دەچنە دەرەوە بە سوك سەیردەکرێن، واتە نووسەر دەیەوێت بڵێت لە کۆمەڵگای کوردیدا چونە دەرەوە و هاوسەرگیری نەکردن دەبێتە هۆی بەسوك سەیرکردنی ژن. هەروەها لە چیرۆکی

(چارەنووس)یشدا کەسێتی سەرەکی و گێڕەرەوەی چیرۆکەکە کچێکی بەتەمەنە، گوزارشت لە هەمان ئازار دەکات کە چۆن کاتێك یەکێك لە کەسێتییە ژنەکانی تر (پیرێژن)ێکە پرسیاری شووکردنی لێدەکات و بە جۆرێك ئازاری دەدات کە هەموو شتەکانی لەلا تێکەڵ دەبێت، بەڵام ناچاریشە ئەم ئازارە بشارێتەوە لە ڕێگەی بزەیەکی ساردەوە ئەمەش لەمیانەی ئەم مەنەلۆگەوە بەرجەستەی دەکات "کەی شوو دەکەی؟ ((سەیری ئەم پیرەژنە کەن، شەو ڕۆژ، لە وەخت و ناوەختا ئەم پرسیارەی کردووەتە بنێشتە خۆشەی دەمی، دەزانێ بەم پرسیارە تورە دەبم، هەموو شتێکم لا تێکەڵ دەبێت کەچی هەر پرسیاردەکات .. ڕەنگە ئەمیش هەر ئەوەی مەبەست بێ ئازارم بدات و بەس .. بۆیە منش ژانەکانم دەکەمە قوڕی دەستکرد و دەیشێلم دەمامکێکی لێ دروست دەکەم بە بزەیەکی ساردەوە دەڵێم:نسیب ..خوا دەزانێ .. خۆت نالێ ی شووکردن قسمەت و نسیبە"(ئەحلام منصور،1981، 125). نووسەر دەیەوێت بڵێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا مێینە جگە لە هاوسەرگیری هیچ بژاردەیەکی تری نییە هەڵیبژێرێت، چونکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناسنامە و بوونی ژنیش پەیوەست کراوە بە پیاوەوە، لەبەرئەوەی "ئافرەت هەمیشە لە سایەی سێبەری پیاواندا دەژین و لە ژێر فرمانی ئەواندا کاردەکەن، ژنان بۆ شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبێ لەسایە و پەنای پیاوان دابن، ژنان لە بنەماڵە دا وەك هاوسەرانی باش و کچانی باش و دایکایەتی نمونەن لە کۆمەڵگا دا بە قوبڵکردنی ئەو یاسا و ڕێسا و سوننەتانەی پیاو دایدەهێنێ هوییە و شوناسی کۆمەڵایەتی وەدەستدەێنن و بۆ باشتر وەدەستهێنانی ئەم ڕۆڵە ڕۆژنە هاندەدرێن و تەشویق دەکرێن"( ئاوات،16،2017), بۆیە هیچ کچێك ناتوانێ بڵێت من نامەوێت وەك مێینەی تربم و دوا وێستگەی ژیانم ماڵ و منداڵ و هیچی تر بێت، لەکاتێکدا دەبێت هاوسەرگیری بژاردە بێت لەبەردەم ئافرەت و وەك مرۆڤ ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی، بەڵام لە ڕێگەی توانجی کۆمەڵایەتییەوە ئەو مافەی لێسەندراوەتەوە، کە ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ئەم بژاردەیە، جگە لەوەی نووسەر پێی وایە بەشێك لەو ئازارەی ژن دەی چێژێت بەهۆی ئەوەوەیە کە لەلایەن ژنان خۆیانەوە ئازار دەدرێن.

نەخستنەوەی وەچە (نەزۆکی) یەکێکی ترە لە کێشەکانی ژن لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت کە نووسەر تیشکی خستۆتە سەر، کە هەندێجار ئەم بابەتە وەك توانجێکی کۆمەڵایەتی و کەموکورتییەك ئاراستەی ئەو ژنانە کراوە کە منداڵیان نابێت و بەم هۆیەشەوە زۆر جار بە چاوی نزم سەیر کراون، چونکە لە زەینی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایەدا (بێ ئەوەی هەستی پێبکەن) ئافرەت ئامرازێکە بۆ منداڵ خستنەوە تەنها بۆ ئەوەی وەك هەر بونەوەرێکی تر دوای غەریزەی مانەوە بکەوێت و بەردەوامی بە ڕەگەزەکەی بدات، لەکاتێکدا دایکایەتی دەبێت بژاردە بێت و ژن بۆ چێژ و بە ویستی خۆی هەڵیبژێرێت، جگەلەوەی بەرپرسیارێتیشە، بۆیە هەر کاتێك ژن توانای منداڵ خستنەوەی نەبوو، وەك ژنێکی پلە دووسەیردەکرێت بەراورد بەو ژنانەی کە منداڵیان دەبێت، ئەم بیرەش بە ڕوونی لە چیرۆکی (منداڵمان ناوێ)دا دەربڕدراوە، کە کەسێتی سەرەکی ژنە (نەسرین) بەهۆی ئەوەی منالی نابێت لە لایەن خەسوو و خەزوورییەوە بە (هێستر) ناودەبرێت و چەندین سوکایەتی پێدەکرێت بەردەوام ئەمە وەك نەنگییەک دەدرێتەوە بە ڕووی دا، ئەمەش وای لێدەکات خۆی بسووتێنێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو تانەو توانجانەی خێزان و کۆمەڵەکەی ئاراستەی دەکەن بەهۆی ئەوەی منالی نابێت، ئەم ئازارەش لەمیانەی گفتووگۆی نێوان دوو کەسێتی، کە هەردووکیان ژنن لە نەخۆشخانە ڕووندەبێتەوە، کاتێك پرسیار دەربارەی هۆکاری خۆسووتاندن لە نەسرین دەکرێت دەڵێت" باشە خەتات چی بوو؟ چیت کردووە و لەسەر چی وات لێ دەکەن؟

لەسەر چی ؟ نازانم تەنها ئەوە نەبێ پێمیان دەووت:

)هێستر(

یانی نەزۆك منالم نەدەبوو

نەچوویتە دکتۆر

با

چی ووت

دەیووت بامێردەکەیشت بێت...

بەمێردەکەت نەووت

با .. دەیووت شکت لە پیاوەتی من هەیە.. من.. من..من.. ئیتر نەم دەوێرا قسەبکەم .. دارکاریان دەکردم.."(ئەحلام منصور،1981، 111)

نووسەر لەم گفتووگۆیەدا ئەوە دەردەخات کە هۆکاری منالّنەبوون ئەگەر پیاویش بێت، هەر دەبێت ژن باجەکەی بدات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی پێ بەزەییە بەرامبەر بە ژن و هەمیشە دەبێت ئەو ببێتە قوربانی و هیچ کات نابێت گومان لە پیاوەتی پیاوان بکرێت تەنها لەبەرئەوەی پیاون، جگە لەوەی لێرەدا کەسێتی و پیاوەتی پیاویش پەیوەستکراوە بە بوونی منالّەوە، لە کاتێکدا گەر هۆکاری نەبوونی منالّ بۆ پیاویش بگەڕێتەوە نابێتە هۆی نەنگیی بۆی هەروەك چۆن بۆ ژنش نابێت بە نەنگی دابنرێت .

لە چیرۆکی (لەگەرداوی خۆ ونکردن)دا، ژن کەسێتی سەرەکی و تەوەرەی سەرەکی دەقەکەیە، لێرەدا باس لە دیاردەی (منالّ خستنەوە پێش هاوسەرگیری) دەکات، کە لەنەریتی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بەگشتی و کۆمەڵگای کوردیدا بەتایبەتی دیاردەیەکی نەویستراوە، لەلایەك بەهۆکاری حەرامی ئاینی و لەلایەکی ترەوە بەهۆی حەرامی کۆمەڵایەتییەوە، لەم دەقەدا (ئەحلام منصور) جەخت لەوە دەکاتەوە ژن هەمیشە قوربانی دەستی حەرامی ئاینی و کۆمەڵایەتییە، چونکە کاتێك کەسێتی سەرەکی (سوعاد) پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا دەبێت و لێی دووگیان دەبێت پێش ئەوەی هاوسەرگیریان کردبێت، ئەمەش لەجیاتی چێژی دایکایەتی دەبێتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆی، بەجۆرێك کاتێك نەخۆشیش دەبێت نایەوێت سەردانی دکتۆر بکات لە ترسی ئەوەی خێزان و دەوروبەری بە دووگیانیەکەی نەزانن، بۆیە لەترس و ڕاراییەکی زۆردا دەژێت، کاتێك تەنها خوشکەکەی دەزانێت بریاردەدات سەردانی دکتۆر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو شت و کەسێک دەترسێت نەوەك بەم دۆخەی بزانن، وەک دەڵێت "ئاوڕ مەدەرەوە ،نەوەکوو بزانن..

بۆ لەخۆت دەترسی؟

قسەمەکە، لێ ی مەپرسە.. بانەزانن!

ئاوەڕ مەدەوە "(ئەحلام منصور،1973،ژ.190)، جگەلەوەی ئەو کوڕەی کە (سوعاد) لێی دووگیانە خاوەنی هیچ هەڵوێستێك نییە، تەنها چارەسەری بۆ ئەم بارەی (سوعاد) ئەوەیە لای دکتۆرێك منداڵەکەی لەناو ببات، تەنانەت خودی (سوعاد)یش کە قوربانی سەرەکییە خاوەنی هیچ هەڵوێستێك نییە، بەڵکو تەنها هەوڵی شاردنەوەی دووگیانبوونەکەی دەدا، تا نەکەوێتە بەر تانەو توانجی کۆمەڵایەتی و دینی .

نووسەر لە هەندێکی تر لە چیرۆکەکانیدا لەو وێنانەی بۆ ژنی کوردی کێشاوە، دەیەوێت بڵێت بەهای ژن تەنها ئەو کاتە کەمەیە کە وەك سێبەرن و دەنا بێ سود و کەڵکن، بەمانایەکی تر ئەگەرچی ژن وەك سێبەرێکە بۆ پیاو و پیاو بۆ حەسانەوە پەنای بۆ دەبات و هەرکات پشوویەکی دا، ئیتر پێویستی بەم سێبەرە نامێنێ و لەلای بێ بەها دەبێت، واتا بە قەد ئەو سێبەرەی کە ژن هەیەتی بەهای هەیە و هەرکات ئەم سێبەرە نەما لای پیاوانش قبوڵکراو نییە و هیچ بەهایەکی نامێنێت، کە نووسەر لە چیرۆکی (چارەنووس) بەم جۆرە بەرجەستەی ئەم وێنەیەمان بۆ دەکات و دەڵێت" ئەم ئێوارە یە کە بە شەقامەکەدا دەهاتمەوە ماڵێ هەتاو بە قەد ژمارەی تیشکەکان سێبەری بۆم دروست دەکرد، نەم دەزانی کامیان سێبەری ڕاستەقینەی خۆمن؟ ڕەنگە هەموویان ... نەخێر هیچان سێبەر راستەفینەی من نەبوون ... نەمزانی چی بوو هانی دام و لە خۆمم پرسی، ئەرێ سێبەر لە چیەوە دروست دەبێ یان مادەی سێبەر چیە .. بۆچی تەنها دوو بوعدی هەیە .. دیارە دەبینرێ .. ، کەچی هیچ کەڵکی نیە ڕەنگە ئافرەتی کوردیش سێبەرێ بێ پیاوان تەنها بۆ حەسانەوە پەنای بۆ بەرن"(ئەحلام منصور،1981،138)، جگەلەوەی لەم چیرۆکەدا نوسەر دەیەوێت وێنەیەکی تری مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی بەرجەستە بکات ئەویش ئەوەیە کە هەر ژنێك هێندەی ژمارەی تیشکەکانی خۆر وێنەی کەسێتی بۆ دەکێشرێت لە لایەن دەوروبەر و کۆمەڵەوە، ڕەنگە ئەم وێنانەش هیچی کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی نەبێت، بەڵکو لە تێڕوانینی کۆمەڵەوە بەرجەستە بووە و هەر کەس لەڕوانگەی ئاینی و

کۆمەڵایەتی و هزری خۆیەوە وێنەی تۆی ژن دەکێشێت و هەمیشە ئەم وێنانەش وەك سێبەرێك بە دوایەوەن، بەشێک لەم سێبەرانەی کە بۆ ژن کێشراوە باشن و بەشێکیشی خراپن، وەک دەڵێ "جار جار بەژنی سێبەرەکانم ئەوەندە درێژدەبووەوە دەگەیشتە ئەو سەری شەقامەکەوە ..جارجاریش ئەوەندە کورت دەبوومەوە چاڵێکی کون دەمپێوێ"(ئەحلام منصور"1981،139)، بوونی دوو ڕەهەندیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە پێوەری کۆمەڵگای نووسەر بۆ بڕیاردان لەسەر مرۆڤ و تایبەت ژن دابەش بووە بۆ باش و خراپ یان ڕەش و سپی، بۆیە نووسەر دەپرسێت بۆ هەر ڕەش و سپی هەیە، بەڵکو ڕەنگی ترش هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ، بەتایبەتی ژن.

توندوتیژی بەرامبەر ژن یەکێکی ترە لە پرسەکانی پەیوەست بە کێشەی ژنەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا، جا دەروونی بێت یان جەستەیی، کە تەوەرەیەکی گرنگە لە چیرۆکەکانی نووسەردا، لە چیرۆکی (چارەنووس) دا، نووسەر لە ڕێگەی کەسێتی سەرەکی (ژن)ەوە گوزارشت لەم ئازارە قوڵە دەکات لە کۆمەڵگای کوردی، کە لەلایەن باوك و برا و ڕەگەزی نێرەوە بەگشتی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن ئەنجام دەدرێت و دواتر ئازارێکی دەروونی قوڵ بە جێدەهێڵێت لای ژن، بۆیە کەسێتی سەرەکی کاتێك (پیرەژن) پێیدەڵێت بۆ شوو ناکەی؟ ئەمیش وەك کاردانەوەیەك بە توڕییەوە وەڵامی دەداتەوە و لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەی ئەو ترسەی لا دروست دەبێت کە براکەی و پیرەژن لێی بدەن "... ئەمجارە وەکو جاران نییە، سەر و گوێلاکم دەشکێنێ نابوتم دەکەن، دەمشێوێنن ، ئیتر تا ماوم دەم و چاوم لەکەدار دەبێ .. ئەها ئەوە براکەم دەستی دایە سۆندە .. ئەم لا و ئەولای لێ گرتم چاری دەرباز بوونم نییە، جا بۆ کوێ دەربازبم .. بۆکوێ بڕۆم..لەدەمی گورگ دەربازدەبم سەگ دەمقۆزێتەوە چاك وایە هەر گورگ بمخوات" (ئەحلام منصور،128،1981) جێگەی ئاماژەیە کاتێك ئەم کەسێتییە دەڵێت چاکترە هەر گورگ بمخوات، واتە لای چاکترە هەر براکەی لێیبدات نەك پیرێژنەکە، چونکە لێدانی براکەی تەنیا جەستەییە، بەڵام پیرێژن بەردەوام توانجی کۆمەڵایەتیشی ئاراستە دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئازاری جەستەیی هەرچەندە لێکەوتەی دەروونیشی دەبێت، بەڵام لە ئازاری دەروونی و توانجی کۆمەڵایەتی، لەسەر کەسێتی سەرەکی سوکترە، جگەلەوەی پێی وایە ئازاردانی ژن بە دەستی ژن بە ئازارترە وەك لە ئازاردانی ژن بە دەستی پیاو.

هەروەها لە چیرۆکی (جارێکی تر بە پەرۆ ڕەشەکە هەردووچاومیان توند دەبەستەوە) گێڕەرەوەی سەرەکی و کەسێتی سەرەکی ژنە (دلگیر) کاتێك دەچێت بۆ بینینی خۆشەویستەکەی (دلێر) و چاوەڕێی بینینی دەکات، بەڵام لەو کاتەدا براکەی دەیبینێ لە دەرەوەیە، بۆیە چاوەڕێی لێدانێکی باش دەکات ، چونکە لە دەرەوەی ماڵ بینیویەتی، خۆ ئەگەر هەندێجار ئەگەر کەمێك سەربەستیش بە ژن درابێت لە چوارچێوەی ئەو سنورەدا بووە کە بۆی کێشراوە هەروەك سەلام ناوخۆش دەڵێت"سەربەستی ئافرەت پابەند بووە بە نەبەزاندنی ناموسی کەسی و خێزانی و پێگەی پیاو لە کۆمەڵگا، بە واتای ئەوە پیاوی کورد ئازادی بە ئافرەت داوە، جا ئەگەر ئافرەت ئەو پێگە کۆمەڵایەتیە ببەزێنێت، ئەوا کاردانەوەی پیاوی کورد بەرامبەر ئەو بەزاندنە لە غیابی ئەو، کچەکەی یان ژنەکەی خۆی دەکوژێت"، (سەلام،42،2015)،بۆیە کەسێتی سەرەکی لەبەر ئەوەی ئەو سنورەی بەزاندووە کە براکەی بۆی کێشاویەتی ڕووبەڕووی توندو تیژی دەبێتەوە وەک دەڵێت"... لە ترسانا گەرامەوە بۆ ماڵ..

(ئیمشەو لێدانێکی چاك دەخۆم و دارکاری دەکرێم) "(ئەحلام منصور،149،1981) بۆیە هەر لە دۆخێکی دەروونی نائارام دایە و بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێ دایە، ئەگەر براکەی بێتەوە خۆ ئەگەر لە ڕووی جەستەیشەوە ئازاری نەدات ڕەنگە لە ڕووی دەرونییەوە ئازارێکی زۆری بدات "ڕەنگە ئێستا براکەم بێتەوە هەموو خوێنم بکاتە کاسەوە .. مەرج نیە بە لێدان، ڕەنگە بە قسەیەکی سارد هەموو دووملەکانی سەرم بتەقێ و بەربادبم و زمانم لاڵ بێ"(ئەحلام منصور،150،1981).کازیوە ساڵح "خێزان بە کارخانەی چەوساندنەوەی ژن ناو دەبات، چونکە ئەوانە ئەرکی بەخێوکردنی ئافرەت و پارێزگاری کردنی شەرفی

خێزان و هۆزەکەیان لە ئەستۆدایە"(سمیە،2007،102)، بەواتەیەکی دیکە لە ژێر ناوی پارێزگاری لە شەرف هەمیشە ژن چەوسێنراوەتەوە. هەروەها لە چیرۆکی (خەونێکی هێمن)یشدا جەخت لە توندوتیژی جەستەیی دەکاتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەتایبەتیش لای ژن وەك وێنەی بەرجەستەی ئەم ئازارە لە نێو کۆمەڵگادا، لەم چیرۆکەدا کەسێتی سەرەکی کە خۆشی ژنە (دڵزار)، لە ڕێگەی گفتووگۆیەکی ڕاستەوخۆی نێوان کەسێتی سەرەکی و کەسێتییەکی لاوەکی کە هەردووکیان ژنن، کەسێتی سەرەکی ئازاری ئەو ژنانە دەخاتەڕوو کە دوای لێدان و توندوتیژیی جەستەیی لە ماڵیش دەردەکرێن :

_چونی؟

-........

-بۆ ئەگریت؟

_ ......

_زۆریان ئەزیەت داوی؟

_ .......

_ئەگەرچیٚ شك نابەی من ماڵم هەیە فەرموو لەگەڵما بەرەو ماڵ بەڕێکەوە"(ئەحلام منصور"1981،182)، نووسەرئەوەدەخاتە ڕوو کە زۆربەی ئەو ژنانەی توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت بێدەنگی هەڵدەبژێرن و هەر لە ناوەوە خۆیان دەخۆنەوە و بەئازاری دەروونییەوە دەتلێنەوە، جگەلەوەی نووسەر دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ئەوەی دەکرێت ژنان خۆیان ببەنە پەناگەیەکی ئارام بۆ یەکتر .

نەبوونی ئازاد بۆ هەڵبژاردنی کەسێك لە ڕەگەزی بەرامبەر جا وەك هاوسەر بێت یان خۆشەویست یان لەژێر هەرناوێکی دیکەدا یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی ژن لە کلتوری کۆمەڵگەی کوردی دا، ئەم بابەتە زۆرجار وەك حەرامێکی دینی کۆمەڵایەتی تەماشاکراوە، نووسەر لە چیرۆکی (پرد)دا پێی وایە لە کۆمەڵگادا هەمیشە بەربەستێک هەیە لە نێوان ئەو دوو کەسەی کە یەکیان خۆش دەوێت جا ئەم بەربەستە ئاینی بێت یان کۆمەڵایەتی بێت ڕێگرە لەبەردەم بەیەك گەیشتنی ئەم دوو خۆشەویستە وە بۆ بڕینی ئەم بەربەستە یاخی بوون و قوربانی دەوێت، لەم دەقە نووسەر تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کاتێك کەسێتی سەرەکی کە ژنە و کەسێکی خۆش دەوێت هەمیشە سەرنج و چاوەکانی کۆمەڵ دەبێتە بەربەست لە نێوان ئەم دووکەسەدا، وە هەمیشە بەدوایاندا دەڕۆن و لێیان ناگەڕێن، نووسەر دەوێت بڵێت نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ وەك سبەر هەمیشە بە دوای تاکەوەن، ئەمەش لە میانەی گفتووگۆی نێوان کەسێتی سەرەکی و خۆشەویستەکەی دەردەکەوێت، کاتێك لە پاسێکدا لە گەڵ یەکتر دەدوێن بەم جۆرە " بابگەینە ئەوسەری وێستگەکە و بەهەمان پاسدا دەگەڕێینەوە

_نەء

_بۆ؟

_بۆیە

_خەڵکەکە بە دوا مانەوەن ... مەبەستم سەرنجەکانیانە و لێمان ناگەڕێن...

_چی بکەین

_پردیٚ دروست بکەین لە نێوان ئێمە و ئەواندا ...

نەخێر ... پەرژینیٚ .. پەرژینێکی ئەستور .. لە دڵیان .. لە سۆزیان ..لە .. لە.. ئەستور تریٚ .. "(ئەحلام منصور، 1981،171) لێرەدا مەبەست لە دروستکردنی پەرژین وەك ڕەخنەك ئاراستەی کۆمەڵی دەکات، واتە ئەو پەرژینەی کە سەرنجەکان لە نێوان خۆشەویستەکان دایدەنێن، لە ئەنجامی بیٚ هەست و سۆزی تاکەکانی کۆمەڵ و مرۆڤەکان دایە، چونکەنەریتو تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی دڵرەق و بێبەزەییەوە پەرژینێك لە نێوان خۆشەویستەکاندا دروست دەکەن. و لەیەکیان دەکەن، بۆیە کەسێتی سەرەکی داوای دروستکردنی پەرژینێك دەکات لە نێوان خۆشەویستی و نەریت و چاوەکانی کۆمەڵ و دابڕاینیان لەیەکتری وەك ئاماژەیەك بۆ پەراوێز خستنی ئەونەریتانەی دەبنە ڕێگر لەبەدەم خۆشەویستی نێر ومیٚ .

لە چیرۆکی(چارەنووس)شدا بەهۆی گفتوگۆی کەسێتی سەرەکی و کەسێتییەکی دیکەوە، کە ئەویش ژنە نووسەرجەختی لەهەمان گرفت کردۆتەوە، کە هەڵنەبژاردنی هاوسەرە بە ویستی خۆی، کاتێك ئەم ئافرەتە گەنجێکی خۆشویستوە و ویستویەتێتی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بەڵام کەس وکارەکەی ڕازی نەبوون، بۆیە بڕیار دەدات لەگەڵ ئەم گەنجەدا هەڵبێن بۆ ناوچەیەکی تر

و لەوێ هاوسەرگیری بکەن، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەمووکەس و کاری حاشای لێبکەن، بەڵام دواتر ئەم گەنجەش کە لە پێناویدا دەست بەرداری کەسوکاری بوو پشتی تێدەکات و وازی لێدەهێنێ و ئەمەش ناچاری دەکات پەنا بباتە بەر خۆسووتان وەك رێگە چارەیەك بۆکۆتایی هێنان بە ئێش و ئازار و پشتگوێ خراوی، هەتا دوای خۆسووتاندنیشی لە نەخۆشخانەش هیچ کەس سەردانی ناکات، چونکە بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاری هاوسەرگیری کردووە. کەسێتی سەرەکی پرسیار دەکات دەربارەی نەهاتنی کەس بۆ لای، کە بەمجۆرە گرفتەکە بەرجەستە کراوە" ...جنێو لەگەڵ ژەمە خۆراکەکان بەمن دەدرا ..هەرچەند بیرم دەکردەوە ئەم شتە ئەوەندە ناهێنێ کەچی هەر نەم دەوێرا شتێ بکەم..ئەگینا داوای تەڵاقم دەکرد، بەڵام بۆکوێ بچوایێم؟..

-ئەی ماڵی خۆتان، بۆ دایك و باوکت ؟ کەس و کارت نییە؟

-با.. حاشان لێ کردووم

-بۆ؟

-باوك دایك و براکانم ڕازی نەبوون شوو بەم مێردەم بکەم منیش ناچار بووم بە دوای بکەوم و هەڵمی گرت"(ئەحلام منصور،1981، 112)

## ئەنجام:

1-زۆربەی هەرە زۆری کارەکتەری سەرەکی لە چیرۆکەکانی نووسەردا ژنن ، ئەمەش وەك گرنگی دانێك بە ژن، وە هەموو گرفتەکانی ژنی لە رێگەی کەسێتی ژنەوە خستۆتە ڕوو .

2 -نووسەر زۆر بە وردی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی ژنی کوردی لە چیرۆکەکانیدا وێناکردووە، کە کەسێتییە ژنەکان کەسێتییەکی تێکشکاون لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، ڕەشبینن بەرامبەر بە دۆخی ژن لە ناو کۆمەڵگا.

3-کەسێتییە ژنەکانی ناو چیرۆکەکەکانی نووسەر خاوەن هیچ دەنگ و هەڵوێستێك نین لە بەرامبەر ڕووداو و ژینگە کۆمەڵاتییەکە و هیچ سیمایەکی یاخیبوونیان پێوە دیار نییە .

4-لەناوەرۆکی چیرۆکەکانی نووسەر دا بە شێوەیەکی گشتی تەنها جەخت لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی ژن کراوەتەوە کێشەکانی تری ژن پەراوێزخراوە .

## سەرچاوەکان:


کتێب:

1-ئەحلام منصور(1981)، پرد، دار الحریە، بغداد.

2-بوشرا کەسنەزانی (2012)، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (1995-2005)، چاپخانەی لەریا، سلێمانی

3-سەروەر سەعدوڵلا ساڵەح (2013)، ئەحلام یاخییە ئەڵوەنییەکە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

4-سەلام ناوخۆش ،ئافرەت و کلتور ، ، چاپخانەی رێ نوێ ، 2015،

5-هەڵمەت بایز ڕەسوڵ(2012)، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حسن دا، چاپخانەی موکریان، هەولێر

6-میران جلال محمد (2009.)، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

7-مەنوچیهرمحسن،دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و.کۆمەڵێك نوسەر (2002 )، دەزگای موکریانی ،هەولێر ،

نامەیی زانکۆیی:

8-ئاوات رەحیم کریم، دەق شیعریی ئافرەتی کورد(1970-1990) نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی گەرمیان، 2017

9 -سۆزان عبدللە محمد (2004)، کەسێتی ئافرەت لە رۆمانی کوردیدا (1991-2001) نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

10 -سمیە نجیب خلیل (2010)، ئافرەت لەرۆمانی ئافرەتانی کوریدا (2000-2009) ، نامەی ماستەر ،کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

11 -سەیوان محمد تاهر (2013)، بینای هونەری لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفتان دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤاییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

گۆڤار و ڕۆژنامەکان.

12-ئەحلام منصور (1973)، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارەی .190، بغداد.

13 -سەروەر عبدللە (2002)، سەرەتایەك لە بارەی بنەمای کەسایەتی لە نیو رۆمان، گ: ڕامان ،ژ75، هەولێر

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

14 -مجموعە من الکتاب الروس (2010)، المدخل الى علم الادب، ت: أحمد علی الهمدانی. ط ٢، دار المسیرة للنشر واالتوزیع والطبع.

15-د.علی الوردی (2001) ، الشخصیە الفرد العراقیە، دار الوردی ، لندن ،

16 -همزە فاضل یوسف (1988) ،حرکة نقد القصة القصیرة فی العراق. (1968-1980)

17-د. نزار محمد العانی ، اضواء علی الشخصیة النسانیة ، ط 1 ، دار الشون الثقافیة بغداد .

18- د. محمد خلیفة برکات (1968)، تحلیل الشخصیة، ط 1 ، دار الطباعة للنشر ، مصر.